www.kurdistannet.org
30-5-2007 23:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## منداڵی پیر ... کانی هەڵەبجەیی



ئەمشەو
کاغەزەکانی خەیاڵم
ئەکەمە کۆلارەیەک و
بە تەزوی بیرەوەریەکانم دەیفڕێنم
ئەمەوێت کۆلارەکەم زۆر زۆر بڕوات
زۆر بەرز بێت
ئەمەوێ کۆلارەکەم چی بۆشایی نێوان من و
وڵات و منداڵانی نیشیتیمانە
هەموی ببڕێت
تا بوکە شوشەکەشم بیبینێت
بە کۆلارەکەم دەڵێم
ماچی ئاسمانی وڵاتم بۆ بکات و
سڵاوی من
یەک بە یەکی منداڵانی وڵات
بگەیەنێت
بەر لەوەی کۆلارەکەم بەرێ کەوێ
بینیم ڕۆحم و چاوانیشم خۆیان کۆکردەوەو
کلکی کۆلارەکەیان گرت و
لەگەڵیدا فرین
کە گەشتینە کوردستان
منداڵم بینی
ئاااای منداڵم بینی
هەر منالەی لە باپیرم پیر تر
هەر منداڵەی لە عاشقێکی خیانەت لێکراو
دڵ شکاو تر
هەر زارۆکەی لە ڕۆحی خەم ئەندۆ تر
ئااای منداڵم بینی
منداڵێکم بینی
هێشتا چاوەکانی تێر لە خەو نەبوبون و
ڕۆحی تازاە تازە
دەستی بە گەشت دەکرد بە نێو شەقامەکانی خەونا
بە دەستە مەستە گچکەکانی چاوەکانی هەڵگلۆفی و
شەروالێکی دڕاوی کردە بەری و
جوتێ کلاشی دڕاویشی کردە پایی و
خێرا دەستی دایە عەلاگەکان و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

غاری دایە نێو ئامێزی شەقامەکان
پێم وت هێشتا زوە
بۆ کوێ ملیماندوت ئەنێی؟
خۆ شەقامەکان هێشتا نوستون
قاقایەکی هەنسکاوی لێ دا و
وتی:
ئەو ڕێگەیە بەردە خانم
وازم لێ بێنە بڕۆم
بەشکوم عەلاگەیەک زیاد بفرۆشم و
پولێ زیاتر پەیدا بکەم
یەکێکی دیم دی
لە باوەشی شەوەزەنگا
چاوەکانی لە نێو دێڕەکانی پەرتوکێکدا
گیر کردبو
بەویشم وت
هەستە بنو
کاتی خەو دەمێکە بەسەر چوە
بە ڕویەکی حەپەساوەوە
وتی خەوی چی خوشکی من؟
هێندەی نەماوە باوەڕنم بە ئاگا بێ
ئیدی کاتی ئەوەم نابێ
چاوێ بە پەرتوکەکاندا بخشێنم
لێم گەڕێ خوشکێ
لێم گەڕێ بخوێنم ...
لەو ساتانەدا وام هەست ئەکرد
زەوی لە ژێر پێم دا قلێش دەباو
قوتم ئەدات
ئاای خودایە
چەنێ سەیرن مندالانی ولاتی من
چەن بێ نازن
مندالانی ولاتی من
چەنێ پیرن
مندالانی ولاتی من
کۆلارەی ڕۆحم بەردەوام بو لە فرین
بە نێو ئامێزی ئاسمانی ولات و
خەیاڵ و ژینی مندالانی ولاتدا
لەولا تر چاوی منداڵێکم بینی
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تەڕ تەڕ
وەک تەڕی باران
ویستم دەستم بەرم
چاوەکانی بسڕم
بە تورەیی دور کەوتەوە و وتی
چیت لێم ئەوێ؟
ئەتەوێ بۆ بێ کەسیشم نەگریم؟
خۆ من تۆ نیم
باوکم شەهیدە و
دایکم سوتاو
باپیرم نەبیناراو
نەنکم بێ چاو
چیت لێم ئەوێ
من ڕقم لە خەندەیە
گریەم خۆش ئەوێ ...
ئاورم دایەوە
دوکەڵی جگەرەیەک هەناسەی توند کردم
وتم ئاخۆ چ پیرەمێردێک بێت
وا بە تاسە ئەم جگەرەیە ئەکێشێت
کاتێ بینیم
منداڵێک بو
منداڵێک
چاوەکانی لە بەدبەختی خۆی ڕەشتر
بەختی لە چاوانی ڕەشتر
ژینی لە ڕەنگی شەو ڕەشتر
هەر کە منی بینی پێکەنی
پاکەتی جگەرەکەی پیاوانە بۆم ڕاگرت و
وتی نافەرموی؟
سەرم لەقاند و وتم
چییە کورم؟
ئەمە چییە لە ناختایە
کە ئەتەوێ
بە گڕی ئەم جگەرەیەی دەستت بیسوتێنی؟
وتم ئێستا کاتی ڕۆبن هودە
بۆ نارۆی تەلەفزیۆن داگیرسێنی و
تۆش بیبینی؟
لە پێکەنیندا دەستەکانی شل بون و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پاکەتەکەی لێ کەوتە خوارێ
بینیم لە قولایی پێکەنیندا ژێر چاوانی چرچ بون و
کەچی دیتم
ئەشکە زەنیانە لە دیەکانی دەبارێ
وتی ڕۆبن هود کێیە خانم؟
ئەو کەسە ڕۆبن هودە
کە بە ستەمی ئەم ڕۆژگارە بوێرێ
ئەو کەسە ڕۆبن هودە
کە ئێستاکە جگەرە بفرۆشێ و
سبەی تەلەفزیۆنێ بکڕێ
قسەکانی ئەو مندالە
خێرا فویان لە کۆلارەی ڕۆحم کرد و
فڕاندیانە کوچەیەکی دی شار
وابزانم لە بەردەم مزگەوتی گەورە بوم
مندالێ بەرەو پیرم هات
فرچەیەک لە دەستیدا و
پەڕۆیەکی ڕەش داگەڕاو
بە سوچێکی شەروالەکەیەوە
لەسەر ئەژنۆکانی رونیشت و
فرچەکەی بۆلای پاکانم برد و
وتی خانم پێلاوەکانت بۆ بۆیاخ کەم؟
ڕۆحم بەدەم ئازار و هەنسکەوە
دەستەکانی گرت و
پێی وت:
چیت داوە لە بۆیاخ و بازاڕ؟
لێوەکانی لەرزان و
وتی ئەی من چی بکەم خانم...
خۆ من هەلم نەبژاردوە
کەم بژێوی و ئازار.. !!
چاوەکانی هاویشتە ئاسمان
بێزار بێزار
ماند و شەکەت
وتی خوایە هاوار ... ...
پاکانی ڕۆحم ئەلەرزین
پەنجەکانی دەستم سارد و سڕ بون
گوڵەکانی دڵم بە دیتنی هەر زارۆکێک
هێدی هێدی هەڵدەوەرین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دیسان کلکی کۆلارەکەمم گرت و فڕیم
لە بەردەرگای ماڵێکدا
کیژێکی خنجیلانەم دی
هێشتا قوردێلە سپیەکانی لە پرچی نەکردبۆوە
گسکی بەردەرگاکەی ماڵی ئەدا
پەنجە گچکەکانیم بە لیوانمەوە نوساند و
ماچم کردن ...
ڕومەتەکانی سور هەڵگەڕان
وتی ببورە خەریکی کارم
بۆیە دەستەکانم پیسن
دەستە بچکۆلەکانیم توند بە سنگمەوە نوساند
وتم تۆ لە پیسی چوزانی؟
تۆ لەم دونیایە
پەپولەیەکی پاک و بێ تاوانی
تۆ پانتایی یەک لە ویژدانی
تۆ ژیانی ... ..
بینیم واقی وڕمابو
نەی ئەزانی باسی چی ئەکەم
پێم وت تۆ حەز ئەکەی ژیان چۆن بێت؟
هەناسەیەکی هەڵکێشا
زۆر لە تەمەنی بە تەمەن تر
وتی ئەمەوێ چەن ساتێ؟
لەگەڵ بوکە شوشەکەم یاری بکەم
ئەمەوێ ببمە ساندیبێل و
عەزی وەک ئەو لەبەر بکەم
ئەمەوێت گۆرانی بچڕم و
لەم ژینەدا
بە پاپوجێکی پەمەیی بن بەرزەوە
ترۆ ترۆ گوزەر بکەم...
لەو کاتەدا ژنێک هات بە سەتڵێ ئاوەوە
ڕژاندی بە ژیر پێی پەپولەکەی بەردەممدا و
زریکاندی بەسەریدا
ئەویش بە ترس و لەرزەوە
دەستی لە سەر سنگم لابرد و وتی
ببەخشە ... ..
ئەبێت کارەکانم تەواو بکەم
نەم ئەزانی چی بکەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هێندە منداڵی پیرم دی
خۆم پیر تر بوم
هێندە خەونی جوانە مەرگی منداڵم دی
لە گشت خەونەکانم زویر بوم
لە نێو زەریای چاوی منداڵەکاندا
من نوقم بوم...
کۆلارەکەم دیسان فڕی
بەڵام ڕۆحم هێزی ئەوەی نەما
کلکی کۆلارەکە بگرێ
چاوم هێندە کز بو
توانای نەما
لەگەڵ کۆلارەکەدا بفڕێ
من هەستم کرد هێندە پیرم
توانای ژیانم نەماوە
لە پڕا زانیم لە ئاسمانم
سەیرم لێ هات
خۆ من تەژی یادگاری بوم
تومەز لەگەڵ بینینی یەکەم منداڵ و
بیرهاتنەوەی ساتەکانی منداڵی خۆمدا
دڵم لە لێدان وەستاوە

هۆڵندا
Kani_awin@hotmail. com

تێبینی: ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە بە یەک بە یەکی منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان کە لە یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی مندالان بی بەشن و زەمەن و مرۆڤ و کۆمەڵگە و ستەمی ڕۆژگار پیری کردون. بەو هیوایەی بە زوترین کات یاسایەک دابنرێت کارکردنی منداڵی خوار 16 ساڵ قەدەغە بکات و خوێندن ئیجباری بکرێت بۆ هەر منداڵێ تا تەمەنی 16 یاخود 18 ساڵان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.